**لێدوانی کۆنگرە**

**ئەهلی سوننەت و جەماعەت کێن؟**

**پێناس کردنی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە ڕووانگەی عەقیدە، فیقە، سلوک و کاریگەری لاساری لە سەر واقعیەتی ئەمر**

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله رب العالمین والصلاة والسلام علی سیدنا محمد وعلی آله و صحبه اجمعین، اما بعد:

لە شەوی پێنجشەمە 21 ذی قعدە، سالی 1437ی هەتاوی بەرامبەر بە 25ی ئابی 2016 زائینی لە سایەی هەوڵدان بۆ دزینی لەقەبی موبارەکی "اهل السنت و الجماعت" بە هۆی سوء ئیستفادەی گرووپێک لە خەوارج کە حەرەکەتەکانیان بۆ خراپ نیشان دانی ڕووالّەتی ئیسلامە، عولەمای دونیای ئیسلام بو زیندو کردنەوەی بیرۆکەی شێخی شەهید و ڕێبەری گەورە، ئەحمەد حاجی قەدریوف رەحمەتی خودای لێ بێت کۆبوونەوەیەکیان بە ناوی "ئەهلی سوننەت و جەماعەت کێن" بە ڕێ خستووە هەتاوەکوو مەنهەج و ڕێگای ئەهلی سوننەت و جەماعەت سەرنج بە بڕواکان، فێقە و سلوک پێناس بکەن و کاریگەری ئێنحراف لە دونیای واقعی ڕوون بکەنەوە، و ئەم کونفرانسە تەحتی سەرپەرشتی سەرۆک کۆماری بەڕێزی چێچن، ڕەمەزان ئەحمەد قەدیروف حفظه الله و بەشدار بوونی پڕبەرهەمی امام الاکبر، شێخی ئەلەزهەر و موفتیەکانی کیرام و زۆرتر لە دوسەد عالم لە بیرمەندە گەورەکانی جیهان دایر بوو.

شرۆڤەی ئەم کۆنفرانسە بریتیە لە:

. ووتاری ئیمامی ئەکبەر شێخی ئەلەزهەر بە عینوانی ئێعتبارنامەی بنەمایی کونفرانسەکە بە ئەژمار دێت.

. ئەهلی سوننەت و جەماعەت بریتین لە: ئەشاعرە و ماتریدیە لە بڕواکان و هەروەها ئەهلی حەدیس کە لە بڕوادا لەسەر مەنهەجی تەفویزن. و هەروەها پەیڕەوەکانی مەزهەبە ئەربەعەکان بریتی لە حەنەفی، مالکی، شافیعی، و حەنبەلی لە فێقە و ئەهلی تەسەووفی خاوێن سەرنج بە عیلم، ئەخلاق، و تەزکیە کە لە سەر تەرێقەتی سیدالطائفه ئیمام جونەیدی بەغدادی حەرەکەتیان کردووە و هەروەها پێشەواکانی تر کە لە سەر شێوازی ئەو حەرەکەتیان کردووە. ئەم مەنهەجە بو تەواوی دایرە زانستیەکان کە بە عینوانی خزمەتگوزاری وەحین ڕێز دادەنێت و لە ڕاستەقینەدا لە لە نیشانەکانی ئەم دینە و ئامانجەکانی بۆ حیفزی

گیان و ژێرایەتی پەردە لا دەبات و ئەم دینە لە لاساری و بێهودەیی دوور دەکاتەوە و لە ئەموال و ناموسی بەرگری دەکات و مەنزوومەی ئەرزشمەندی ئەخلاقی دابین دەکات.

. قورئانی پیرۆز حەریمێکی هەیە کە زانستە خزمەتگوزار و یارمەتی دەرەکان لە تێگەیشتنی مانعاکان و ئیدراکی ئامانجەکان و مەقاسیدی موصلە بە الله ئەوەی ئیحاتە کردووە و زانستە دینیەکان لێکۆڵینەوە دەکات کە ژیان و ژیار بە بەشەر خەڵات دەکات. و بریتیە لە ئاداب، فنون، ئەخلاق، ڕەحمەت، هێمنایەتی، ئیمان، عومران و ئاوەدانی، بڵاوکردنەوەی هێمنایەتی و تەندرووسی لە جیهان هەتاوەکوو نەتەوەکان، کەڵتوورەکان، و ژیارە جۆراوجۆرەکان ئاشکرا ببینێت کە ئەم دینە مایەی ڕەحمەتی دونیا و ئاخرەتە .

.مەنهەجی ئەهلی سوننەت و جەماعەت جامێعترین، دەقێقترین و کامل ترین مەنهەجی ئیسلامی لە قەڕنە ڕابردووەکانە، هەروەها کە سەدان هەزار لە بیرمەند و خوێندەکارانی پێشکەش کردووە بە جیهان و لە ئاستی جیهان لە سیبریەوە هەتاکوو نیجریە و لە پاریسەوە هەتاکوو جاکارتا بڵاو بوونەتەوە و بەرپرسی پۆست و مەنسەبگەلێکی جۆراوجور وەکوو : ئیفتا، قەزاوەت، دەرس دان و خیتابە بوونە و لە ڕاستای ئەوەشدا هێمنایەتی کومەڵگاکان ڕاگیراوە و ئاگری فیتنە و شەڕەکان کوژاوەتەوە و ناوچەکانیش بە ئەمنیەت و ئارامشت دەستیان پەیدا کردووە و زانست و ڕاپەڕینی ڕاستەقینەیان پەیدا کردووە.

. بە بەردەوامی ئەهلی سوننەت و جەماعەت هەر فکر و ئەدیشەیەکی ئێنحرافی چاو لێ ئەکەن و مەقالەکان و چەمکەکانی فیرقەکان لە ژێر سەرنج دەگرن و ئەوانە لە تەرازووی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە قەرار دەدەن و بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەوانە ئێقدام ئەکەن و ئامڕازگەلی زانستی بو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبەرایەتی بە کار دەگرن. بۆیە هەرکاتێک کە مەنهەجی ئەوان چالاک بووە، شەپۆلەکانی لاساری و ئێنحرافیش بە پەراوێز چووە و کاری ئۆممەتی موحەممەد لەسەر ڕێگای ڕاستەقینە قەراری گرتووە تاوەکو بە فارغی بال بۆ درووس کردنی ژیار دەس بە کار بوون. بۆیە بیرمەندە گەورە ئیسلامیەکان زانستگەلێکیان داناوە کە بریتین لە: جەبر و موقابیلە، زانستی بیرکاری، موعادلاتی سێگۆشەکان، زانستە لێکۆڵینەوەکانی ئەندازە، کەسرە ئێعتیادیەکان و لۆغاریتمەکان، کێشی جۆری، پزیشکی، نەشتەگەری چاو، دەروونزانی، گیاناسین، ئاولەمە ناسین، موسوعەکانی دەواناسی، زانستەکانی حەیوانەکان و گیاکان، ڕاکێشیەتی زەوی، زانستی هەیئەت، ژینگە، زانستەکانی دەنگ ناسین، زانستە ژنەوایەکان و بینابیەکان، و ... وە تەواوی ئەم زانستگەلە بەرهەمی هەوڵدانەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە کە مەجالێک بو حاشا کردن لێی نیە.

. لە ماوەی مێژوودا شەپۆلگەلێک لە ئەندیشە پڕ لە ئاژاوە و لاساریەکان بینراوە کە ئیدعایان کردووە و خۆیانیان بە وەحی شەریفەوە پەیوەندی داوە، لە حاڵێکدا دژ بە مەنهەجی ڕاستەقینە تەمەڕوودیان کردووە و هەولیان بۆ نابوودی ئەوە بووە و بوون بە هۆی لە ناو بردنی هێمنایەتی و باب کردنی ئەوە لە کۆمەڵگادا و سەرەتاگەری شەپۆلە گومڕاکان و ئاسیب گەیان خەوارج بوونە و کە لە نەهایەتدا بە خەرواجی دەورانی حەدیس واتە مودەعیەکانی سەلەفیەتی تەکفیری و داعش و جوولە لاسارەکان و توند و تیژەکان ئەنجامی گەیشتووە کە بەرەو ئەوانە جوولیان بووە. جوولگەلێک کە سەهمگەلێکی هاوبەشیان لە لاسار کردنی توندڕەوەکان و تەوجیە کردنی بێ مەورد و تەئویلە نازانەکان لە دینیان بووە کە لە بەرهەمدا دەیان چەمکی هەڵە و پەرێشانکەر و ئاژاوە هێنەر و تەئویلاتی باتلی بە بار هێناوە و لە دودمانی ئەوە تەکفیر و تەدمیر بە وجوود هاتووە و خوێنڕشتن، و لە ئاخردا بووە بە هۆی خراپ کردن و تەشویەی ئیسلام و بووە بە هۆی کوشتار و دژایەتی، بۆیە بە مێسداقی ئەم حەدیسی پێغەمبەرەیە: بە دووای هەر نەوەیەک، ئەو کەسانەی کە باشترن، ئەم زانستە بە عوهدە دەگرن، و دەیکێشن بە دۆشا، ئەوانە لە گەزەندی تەحریفکارەکان و دەس درێژی باتل گەراکان و تەئویل و خفت گرتنی یاوەکاران، مەسوون دەهێڵێت) پێویستە هەتاوەکوو حاملەکانی ڕاستەقینەی ئەم دینە مەیمون و موبارەکە بو بەرگری لەوە ئێقدام بکات.

. ئەم کۆنفرانسە لە ڕووانگەی مەنهەجی زانستی ڕەگ داکوتاوەوە کە قوتابخانە گەورەکانی ئێمە بەرپرسی ئەوەن لە تەفکیک جیاکردنەوای پرۆژەکانی تەکفیر و تەترف و لە نێوانی ناردنی ڕەسالەتی هێمنایەتی بو جیهان بەگوزار بووە تا بە یاری الله ببێت بە خاڵێکی موبارەک هەتاوەکوو لاساریە مەترسیدارەکان جەهەت پێ بدات و بە ڕێگای ڕاستەقینە و درووس ڕێنمایی بکات، ئەو لاساریانەی کە غارەتگەرانی توندڕەو لەسەر چەمکی "ئەهلی سوننەت و جەماعەت" دەس درێژیان کردووە و ئەم لەقەبە موبارەکەیان بە خۆیانەوە پەیوەندی داوە و ئەهلی ئەو دیارەیان دەرکردووە و تاوەکوو بە یارمەتی الله بە مەنبەرگەلێک هیدایەتگەر بکاتەوە.

ڕێکارەکانی ئەم کۆبوونەوە بە کورتی:

1. بنیان نانی کەناڵی سەتەلایتی لە ئاستی وڵآتەکانی ڕووسا بو نیشان دانی ڕووالّەتی ڕاستەقینە لە ئیسلام بە هاووڵاتیەکانی ئەوێ بە بۆنەی خەبات لەگەل تەتەروف و تیرۆریسم.
2. گەڕانەوەی قوتابخانە گەورەکان بۆ سەر لەخەون هەڵسان، مەجد و عەزەمەتی ڕابردوو و موراجیعە بۆ تەدریسی دایرەکانی زانست موتەکامیلە، هەتاوەکوو لە نێوانی ئەوەوە زانیارگەلێک

درووس ببن کە دەسەڵاتیان لە سەر هیدایەتی کۆمەڵگا بێت و لەگەڵ جیلوەکانی لاساری فکری موقابیلە بکەن و زانست و هێمنایەتی بەربلاو کەنەوە و لە ووڵاتەکان بەرگری بکەن.

3. سەرنج دان و گرنگ زانین پێویست بو کەناڵەکانی کۆمەڵگا و دابین کردنی هێزەکان و کارامەییە پێویستەکان و ئامادە بوونی چالاک و پڕشکۆ بو جەهەت دان بە ئەم ئامیرانە و مێدیا کۆمەڵایەتیەکان.
4. سەرنجڕاکێشان تایبەت بە تەدەروسی هەموو زانستە ئیسلامیەکان بە تایبەت بۆ دوو زانستی بنەماکانی فیقە و کەلام و بو کۆنترۆڵ کردنی ئیدەکان و چاکسازی ئەندیشەکان و بەربەرەکانێ لەگەڵ کەتەگۆریەکانی تەکفیر و ئیلحاد.
5. دامەزراندنی ناوەندی زانستی لە چێچن بو چاو لێ کردن و توێژینەوە لەسەر جوولەکان و ڕێکخراوەکانی هاوچەرخ و ڕێکخستنی پڕ لە متمانە بو پشت گرتن و حیمایەت لە بەربەرەکانێ و ڕەخنە گرتنی زانستی لە ئەندیشەی لاساری و کاتەگۆریەکانی ئەوە. دابین کەرەکانی ئەم کۆنفەرانسە نێوی تەبسر (بە واتەی ڕوون کردنە) یان بۆ ئەم ناوەندە پێشنیار داوە.
6. پێویست بە هاوکاری و تەعاون بنکە زانستیە ڕەگدارەکان وەکوو ئەلەزهەری شەریف، قروبین، زەیتوونە و ناوەندە زانستی و توێژینەوەکانی تر لەگەل بنکە ئایینیەکانی روسیای یەکگرتوو.
7. کردنەوە و دابین کردنی تریبونە فێرکردنەکان بۆ فێر کردنی لە ڕێگای دوورەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی پڕ لە متمانە، چونکە ئەم کاروساتە سەرنجڕاکێشەکانی زانست و مەعریفەت یارمەتی دەدا وەکوو ئەو کەسانەی توانایی و هێزیان بۆ لێکۆڵینەوەی وانە سوپاییەکان نیە.
8. هاندانی سەرۆکەکان بو پشت گرتن لە بنکە دینیەکان و ناوەندە زانستیەکان کە لە سەر بنەمای موعتەدل و مامناوەند قەراریان گرتووە و نەهی کردنی هەندێک لە سەرۆکایەتیەکان لە کایە ڕامیاریەکان بو تێکڵاو کردنی چەمکەکان، چونکە ئەم کارە هیچ شتێکی جگە لە پەرێشانی و ئاژاوە و ناکۆکی لە کۆمەڵگادا بە دواە نیە.
9. ئەم کۆنفرانسە سەرۆکایەتیەکان بو تەشریع و بنیات نانی یاساگەلێک ئامۆژگاری دەکات کە فتنە و ئاژاوەی ناوخۆ نابووت ئەکات و لە دەسدرێژی لەسەر بنکەکان بەرگری دەکات.
10. بەشدار بوونەکان لەم کۆنفرانسە ڕێکخراوە گەورەکانی ئەهلی سوننەت، وەکوو: ئەلەزهەر و ... بۆ قبوول کردنی حەزکەرەکان بۆ خۆێندەکاری زانستە شەرعیەکان بریتی لە موسولمانانی ڕوسیا ئاموژگاری دەکات.

11. بەشدار بوونەکان لەم کۆنفرانسە ئامۆژگاریان ئەوەیە کە تا ئەم کونفرانسە گرینکە بە شێوازێکی سیکلی لە خزمەتی ئامانجە پڕشکۆکان و بەربەرەکانێ لەگەڵ گرفتەکان بە ڕێ دەخەن.
12. دابین کردنی کۆمیتەگەلێک بو دواگرتنی جێبەجێ کردنی نەتیجەکان و ڕێکارەکان کە ئەم لێدوانە مسۆگەر دەکات.

لەکۆتاییدا هەموو بەشدارەکان لە سەڕوک کۆماری بەڕێز، ڕەمەزان ئەحمەد قەدیرۆف زۆر سپاس دەکەن بۆ زەحمەتەکان و هەوڵدانە موبارەکەکانی کە لە بواری خزمەت بە قورئانی پیرۆز و سوونەتی خاوێنی جێبەجێی کردووە و لە خوای گەورە دوا ئەکەین تۆفێق و کامەرانی بە ئەوان عەنایە بکات تا ڕێگای باوکی خۆشەویستی، جەنابی شێخی شەهید ئەحمەد قەدیرۆف لە خزمەتی ئیسلام و ئینسانیەت بەردەوام بکات و لە بڕوای ئەهلی سوننەت و جەماعەت بەرگری بکات و لە الله داوا ئەکەین کە ئەو شێخە شەهید و فەقیدەی ڕێگای ئیسلامە مەردی ڕەحمە و ڕەزامەندی خۆی قەرار بدات و بە بردنی ئەو بۆ بەهەشت تەکریمی بکات و چێچن لە پەنای خۆی قەرار بدات و هێمنایەتی و ئاسایش و پێشکەوتن و شکۆفایی بۆیان بەردەوام بێت.

هەروەها سپاسگوزاری خۆمان دەردەبڕین بۆ هاوبەشان لە ئۆفیسی سەرۆک کۆمارف، و هاوری باشیان لە گەڵ دابین کەرەکان و سنوقی هەرێمی خێری بە نێوری شێخ ئەحمەد قەدیرۆف و ڕێکخراوی خێریە و یارمەتیدان بە کەڵتووری ئیسلامی و زانستی فێر کردن و ڕێکخراوی تابە و ئەو براکانی تر کە لە ڕێخستنی ئەم کۆنفرانسە بەشداریان کرد.

و صلی الله و سلم علی سیدنا و مولانا محمد، و علی آله و صحبه أجمعین.

چێچن، غروزنی، 24 ذوالقعده 1437 هەتاوی بەرامبەر لەگەل 27ی ئابی 2016.